Iraqi Kurdistan
parliament
Kurdistan - Erbil

پەرلەمانی کوردستان-عیراق
کوردستان ـ هەولێر

لیژنەی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانی و
گواستنەوەو گەیاندن وگەشتوگوزار.



NO:
DATE:

ژمارە :
رۆژ :

## بۆ / سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ راپۆرت

رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٢ لیژنەکەمان لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی گواستنەوەو گەیاندن و گەشت وگوزار لە دوو کۆبوونەوەی جیادا کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیی ئەنجام دا پێك هاتبوو لە سەرۆکی لیژنەو جێگرو بریاردەرو ئەندامانی لیژنە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر یاسای بودجەو بەشە بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، پێویستە بوترێت کۆبوونەوەی دووەم بە ئامادەبوونی بەرێزان بەرێوەبەرانی وەزارەتی شارەوانی بەرێوەچوو.

هەر سەبارەت بە گفتوگۆکردن دەربارەی بودجە، بەرواری ٢٠١٢/٥/٢٣ لیژنەکەمان کۆبوونەوەیەکی تری ئەنجام دا بە ئامادەبوونی بەرێزان ستافی وەزارەتی گواستنەوەوگەیاندن.

وە لە رۆژی ٢٠١٢/٥/٢٨، لیژنە دوا کۆبوونەوەی لەسەر یاسای بودجە ئەنجام دا.

**پاش گفتوگۆو ئاڵوگۆری بیروڕا لە تێکرای کۆبوونەوەکان، لیژنەکەمان بە گشتی ئەم سەرنج و پێشنیارانەی هەیە:**

## <u>یاسای بودجە</u>

### <u>داهات</u>:

١ - لە یاسای بودجە مادەی (١) بڕگە (٢)دا بڕی (٤٧٢ ) ملیار داهات دیاری کراوە، بەلآم لە لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی جیاوازی هەیە و نوسراوە (٤٥٠) ملیار دینار وە لە کراسەی میزانیەی حکومەتدا هاتووە (٤٧٦) ملیار دینار وە خەملێنراوی حکومەتی فیدرالی بۆ داهاتی هەرێمی (٦,٩٣٢) ملیار دینار.

ئایا ئەو هەموو جیاوازیە چیە لە هەموو بڕگەکاندا هەیە؟

٢ – بە پێ ی یاسای بودجە بۆ ساڵی ٢٠١٢ ژمارەی فەرمانبەرانی بریتیە لە (٦٦٧,٨٤٩) دیاری کراوە بەلآم بە پێ ی راپۆرتی وەزارەتی دارایی (٦٦٢,٤٤٤) فەرمانبەری دیاری کردووە کەواتە (٥,٤٠٥) فەرمانبەر جیاوازی هەیە، ئەو جیاوازیە بۆچی؟

٣ – سەبارەت بە خانەنشین چەندین ساڵە ژمارەی فەرمانبەر زیاد دەكات بێ ئەوەی ژمارەی خانشین دیاری بكرێت و لە كوێ فەرمانبەران كەم بكرێتەوە، ئایا بۆچی ژمارەی فارمانبەرە خانەنشین كراوەكان كەم ناكەنەوە؟

٤ - سەبارەت بە پارەی (مدور)ی گشت سلفەكان لە هیچ شوێنێك لە داهاتەكان دەستنیشان نەكراوە، ئایا بڕی داهاتی (مدور) چەندەو لە كوێ یە؟

٥ – بە پێ ی راپۆرتی وەزارەتی دارایی پترودۆلار بۆ پارێزگاكان تەنها (٤٢) ملیار دیناردیاری كراوە لە كاتێكدا رۆژانە (١٧٥,٠٠٠) هەزار بەرمیل نەوت لە كوردستان دەردەهێنرێت كەواتە ساڵانە دەبوایە (٧٤) ملیار دینار داهاتی پترۆدولاری بەشی هەرێمی كوردستان بوایە، ئایا بۆچی تەنها (٤٢) ملیار دینار دەدرێت بە هەرێمی كوردستان؟

٦ – ماددەی (١٣) لەبەر ئەوەی ئەم مادەیە پێچەوانەی یاسای خانەنشینە بۆیە پێشنیار دەكەین بەلابردنی ئەم مادەكە.

٧ – مادەی (١٦) لە یاسی بودجە پێمان باشە بڕگەیەك زیاد بكرێت بە برگەی (٩) (دیاری كردنی بڕە پارەیەك ساڵانە بۆ لیژنەی تاپۆكردنی شارەشارۆچكەكانی بێ تاپۆكان ) بە مەبەستی بەرەو پێش بردن و تاپۆكردنی خانووە بێ تاپۆكان.

٨ – زیادكردنی مادەیەك لە یاساكە وەك ئەوەی لە (بودجەی ساڵی ٢٠١١ مادەی "٣٣")تایبەت بە صندوقی پارەی پرۆژە جێ بەجێ نەكراوەكان. مادەی (٣٣) بەم شێوەیە:( لە حالەتی خەرج نەكردنی پشتیوانەی تەرخانكراو بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان لە كۆتایی ساڵی دارایی دا، ئەوەی لێ ی ماوەتەوە لە حسابێكی تایبەت بە ناوی "حسابی جێ بەجێ كردنی پرۆژە بەردەوامەكان" دادەنرێت)

## (تایبەت بە بەشە بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار)

### (سەرنجەكان):-

★ جیاوازیەك لە بڕی مینحەی دیاریكراو هەیە لە نێوان مقرری وەزارەتی دارایی و ئەوەی لای وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار هەیە، بە شێوەیەك وەزارەتی شارەوانی هیچی داوا نەكردووە بەڵام وەزارەتی دارایی بڕی (٣٧٨,٧٩٩) ملیۆن دیناری بۆ داناوە.

★ پارەی تەرخان كراو بۆ (تعویضات الموظفین) كەمترە لەوەی وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار داوای كردووە، لە كاتێكدا بڕی پارەی (تعویضات الموظفین) بڕێكی دیاری كراوە ناكرێت كەم بكرێتەوە.

★ دواكەوتنی دەست پێكردنی پرۆژەكان بە هۆی زۆری (رۆتین )ەوە.

★ دەزگاپەیوەندیدارەکان کێشەو تەگەرەی زۆر دروست دەکەن بۆ بەڵێندەران کەوا دەکات بەڵێندەر پرۆژە وەرنەگرێت و دووربکەونەوە لەوانە( گرانی نرخی تەندەر، قورسی مەرجەکانی خطاب ضمان کارئاسانی نەکردن بۆ کۆمپانیا ناوخۆییەکان ) ئەوانەش هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی پرۆژەکان دوابکەون.

★ لەبەر دواکەوتنی گەیشتنی بودجە بۆ پەرلەمان و درەنگ پەسەندکردنی پرۆژەکان دوادەکەون، ئەوەش بەوە چارەسەر دەکرێت کە صندوقی پارەی پرۆژەکان کارا (فعال) بکرێت.

★ کەمی ئەو بودجەیەی لە(منح)ە دەدرێت بە شارەوانییەکان، ئەوەش گرفتێکە گەورەی درووست کردووە بۆ نەتوانینی (استملاك)کردنی ئەو مولکانەی شارەوانییەکان پێویستیانە و دەکەوێتە بەر پرۆژەکانیان و ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان یاخود هەرنەکردنیان، وەك چەندین پرۆژە کە بەردەوام پارەی بۆ دیاری دەکرێت بێ ئەوەی جێ بەجێ بکرێت لەبەر نەبوونی زەوی، بۆیە پێشنیار دەکەین بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار دیاری بکرێت بۆ مەبەستی استملاك.

★ بڕی (١٢) ملیار دینار بۆ دانانی (پێوەری زیرەك ) ی ئاو دانراوە لە کاتێکدا (٣) ساڵە ( سحب العمل) لەو کۆمپانیایە کراوە کە پرۆژەکەی بۆ دەرچووە پێویستە پارەکەی بۆ پرۆژەیەکی تر خەرج بکرێت و پێویست ناکات ئەم برە پارەیە لەم پرۆژەیەدا (حجز) بکرێت بێ ئەوەی بەکاربخرێت.

★ پرۆژەی سەنتەری تاقیگەی بیناسازی لە هەولێر ماوەی (٣)ساڵە لە پرۆژەکانی وەزارەتی دارایی و ئابوری دادێت، ئایا ئەم تاقیگەیە بۆ وەزارەتی شارەوانی وگەشت و گوزارە یاخود بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە. پێویستە لەسەر وەزارەتی دیاری کراو بێت نەك وەزارەتی دارایی چونکە ئەمە پێچەوانەی یاسای بودجەی سالی (٢٠١١) مادەی (٣٤)ە .

★ پێویستە مادەی (٣٣) لە یاسای بودجەی سالی ٢٠١١ تایبەت بە حیسابێکی تایبەت بە ناوی حسابی پرۆژە بەردەوامەکان وەك لە ماددەکەدا هاتووە جێ بەجێ بکرێت.

★ کۆمەڵێك گۆرانکاری لە پرۆژەکان ئەنجام دراوە بێ ئەوەی پەرلەمان ئاگادار بکرێتەوە بۆیە پێویستە لە هەرگۆرانکارییەك بە نوسراوی رەسمی لە زووترین کات پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

## ( **پێشنیارەکان** )

_ ئەو سیستمەی پەیرەو کراوە (ساڵی پار) بۆ دامەزراندنی فەرمانبەر، ئامانجی خۆی نەپێکاوە نوێنەرانی وەزارەت پێیان وابوو بە ئاگاداری و ڕای ئەوان بێت باشترە.

ـ پێویست یاسای ڕاژە جێ بە جێ بکرێت تایبەت بە دامەزراندن لە هەمان کاتدا زۆرترین گرنگی بەوانە بدرێت کە بەشێوەی گرێ بەست دامەزراون.

ـ لەبەر ئەوەی بە پێ ی بەدواداچوونی ئێمە پێشینەی خانووبەرە خزمەتێکی باش دەکات بە هاوڵاتیان و بەرەو پێش بردنی شارستانیەت، بۆیە پێشنیار دەکەین بڕی پێشینەی خانووبەرە بکرێت بە (٢٥) ملیۆن دینار بۆ ئەوەش لە بڕگەی (منح) لە وەزارەتی شارەوانی کە وەزارەت پێویستیان نیە بڕەکەی ( ٣٧٨,٧٩٩) ملیۆن دینارە ببڕدرێت بۆ زیادەی پێشینەکە خەرج بکرێت.

ـ باشتروایە سەرف کردنی پارەی پرۆژەکان ڕاستەوخۆ بدرێت بە وەزارەت بۆ ئەوەی رۆتین کەم بکرێتەوەو پرۆژەکان دوانەکەون.

ـ داهاتی وەزارەتی شارەوانی گەشت وگوزار بدرێتەوە بەخۆیان، لە بودجەکەیان دەرنەکرێت.

ـ کرێ ی کارەباو ڕووناك کردنەوەی شەقامەکان کە ساڵانە نزیکەی (٦٠) ملیار دینارە لە وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار وەردەگیرێت پێمان باشە وەزارەتی دارایی بیخاتە سەر خۆی.

ـ دیاری کردنی ناوی کۆمپانیای جێ بەجێ کار لە پرۆژە بەردەوامەکاندا.

ـ دابین کردنی پارەی پێویست بۆ هەڵمەتی تاپۆکردنی خانووە بێ تۆمارەکان.

ـ پێویست نیە بودجەی دیزایینی پرۆژەی دەست بەکارنەبوو لە هەمان لیستی جێ بەجێ کردندا بنوسرێت.

ـ ئەو رێژەیەی دیارە کراوە بۆ وەزارەت سەرفی بکات تا بودجە پەسەند دەکرێت بکرێتە ١٠/١ بودجەی تخمینی نەك ١٢/١ ی صرفیات تاوەکو کارەکانی وەزارەتەکان دوانەکەون، لەبەر ئەوەی بەردەوام بودجە دوادەکەوێت ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ دواکەوتنی کارەکانی وەزارەت.

## داهات

بە پێ ی بەدواداچوونی لیژنەکەمان بڕی داهاتی خەمڵێنراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار وەك خۆیان پێیان راگەیاندین بڕی ( ٤١,١٠٧) ملیۆن دیناریان بە وەزارەتی دارایی راگەیاندوە بەڵام وەزارەتی دارایی تەنها بڕی (٣٤٠) ملیۆن دیناری دیاری کردووە لە کاتێکدا بەردەوام وەزارەتی پەیوەندیدار ساڵانە زیاتر لە (١٠٠) بەرامبەری ئەوە داهاتی بووە، جێگەی پرسیارە بۆچی وەزارەتی دارایی داهاتەکە بەم بڕە کەمە دەخەمڵێنێت.

## ( تایبەت بە بەشە بودجەی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن )

**سەرنجەکان:-**

١ – فرۆکەخانەی دهۆك دوو ساڵە بەردەوام وەك (پرۆژەی بەردەوام) لە ساڵی ٢٠١١ – ٢٠١٢ دانراوە بە بێ ئەوەی کێشەی پێگەی پرۆژەکە چارەسەر کرا بێت کەواتە بۆ دوو ساڵ بودجە زۆرە پرۆژەیەك نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە وەك پرۆژەی بەردەوام ناوی ببرێت وە هەرگیز بەم شەش مانگە ئەو بودجەیە خەرج ناکرێت، لە کاتێکدا وەزارەت بێ ئاگایی خۆی لە هەموو کاروبارەکانی ئەم فرۆکەخانەیە دەربڕی.

٢- بە پێ ی ئەو زانیاریانەی کە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن لەسەر کاروباری فرۆکەخانەی دهۆك دایان بە لیژنەکەمان بڕی (٧) ملیۆن دۆلار لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە نوسراوێك خەرج کراوە بۆ فرۆکەخانەکە بەلاّم تا ئێستا هیچ کارێك لەسەر فرۆکەخانەکە نەکراوەو دووبارە بۆ ساڵی ٢٠١٢ بڕی (١٢,٠٠٠) هەزار ملیۆن دیناری بۆ دیاری کراوە لە هەمان کاتدا لە لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی دارایی دانراوە کە ئەوەش پێچەوانەی یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١١ مادەی (٣٤)ە.
٣ – سەبارەت بە دامەزراندن جگە لە اختیصاصی تایبەت بۆ وەزارەت پێمان باشە دامەزراندن تەنها بۆ گرێ بەستەکانی وەزارەت بێت و هەوڵ بدرێت لە شاروشارۆچکەکان دابمەزرێن چونکە شارۆچکەکان پێویستیان بە کارمەندە.

# بودجەی تشغیلی

وەزارەتــی گواســتنەوەو گەیانــدن جیــاوازی زۆر هــەبوو لــە نێــوان ئــەو ژمارانــەی لای ئێمــە هەیــە کــە لەلایــەن ئەنجومــەنی وەزیرانــەوە هــاتووە لەگــەڵ ئــەو ژمارانــەی کــە لەلای وەزارەتەکان هەبوو.

لــە (مــنح )دا وەزارەت داوای هــیچ بــڕە پارەیــەکی نــەکردووە بــۆ مــنح لــە کاتێکــدا دەســەلأتی صــرف لای وەزارەت نیــە کەچــی بــە پێچــەوانەوە وەزارەتــی دارایــی نوســیویەتی بــڕی ( ٩٤,٥٠٦) ملیــۆن دینــار لــە لایــەن وەزارەتــەوە داواکــراوە کــە شتێکی سەیرە وەزارەتی دارایی ئەم ژمارەیەی لە کوێ هێنانەوە.

لــە هــەمان کاتــدا بــڕی (٢٩١٥٦) ملیــۆن دینــاری بــۆ موافقــە کــردووە لــە کاتێکــدا ئــەوان داوایان نەکردووە.

داهــاتی ئــەم وەزارەتــە بــە دروســتی دیارنیــە هەرچــەند لەگــەل وەزارەتــیش باســمــان کرد بەلأم لای ئەوانیش ڕوون نەبوو **بۆ نمونە**:-

١ – داهاتی فرۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی.

٢– بەشــە داهــاتی وەزارەت لــە کۆمپانیاکــانی وەزارەت بــە گشــتی وەك: ئینتــەرنیت، تەلەفۆن، فایبەر ئۆپتیك.

٣ – لـــە بـــواری گواســـتنەوە وەك کـــرێ ی گەراجـــەکان فرۆشـــتنی هێلـــەکانی گواستنەوە وەهەروەها چەندی تریش،

دواجــار جگــە لــەم داهاتانــەی دیــارنین داهــاتی خــەملێنراوی وەزارەت وەك خۆیــان پێیــان ڕاگەیانــدین بــڕی (٢,٠٥٠) ملیــۆن دینــارە بــەلأم وەزارەت بــڕی داهــاتی ئــەم وەزارەتــی کــەم کردۆتــەوە تــەنها بــڕی (١,٨٦٦) ملیــۆن دینــاری دیــاری کــردووە بــۆ ئــەم وەزارەتە.

ئــەم پرۆژانــەی کــە بــۆ وەزارەت دانــراوە، وەزارەت بــێ ئاگــایی خــۆی ڕاگەیانــد لــە پرۆژەکـــان و بەشـــە بودجەکـــەیان بـــۆ پرۆژەکانیـــان دراوەتـــە فرۆکەخانـــەکانی هــەولێرو ســلێمانی لــە کاتێکــدا وەك خۆیــان دوپاتیــان کــردەوە ئــەم فرۆکەخانانــە تــا ئێســتا ســەر بــە وەزارەتــی گواســتنەوەو گەیانــدن نــین، ئەگەرچــی بــە پــێ ی یاســا دەبوایــە ســەر بــە وەزارەتــی گواستنەوەوگەیاندن بوونایــە ، بــەلأم تــاوەکو ئێســتا نــە بۆ وەزارەت و نە بۆ ئێمە وەکو لیژنە ڕوون نیە سەر بەکوێن.

## (پێشنیارەکان):-

**ئالوگۆر لە پرۆژەکاندا بە تایبەت وەزارەت داوا دەکات یەکێ لە پرۆژەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی لابدرێت دوو پرۆژەی تر :**

**١ – بەستنەوەی نوسینگەکانی پۆستە بە یەکتری (حوسبە المکاتب البریدیە)**

**٢ – دانانی بدالە و تۆڕی نوێ بۆ ( بازیان ، هەلەبجەی شەهید، عربەت ، پیرەمەگروون، شۆرش، تەکیە، بێ باز، دەربەندیخان، کەلار، رزگاری، سەرقەلاّ، زەرایەن)**

**لە جێگەی دابنرێت بە دیاری کردنی هەمان گوژمە بۆ سالّی ٢٠١٢.**